ئەی پێغەمبەری خودا، ئەگەر پیاوێک هات و ویستی سەروەتم بدزێت؟

لە ئەبی هوڕەیڕەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پیاوێک هات بۆ لای پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ، ووتی: «ئەی پێغەمبەری خودا، ئەگەر پیاوێک هات و ویستی سەروەتم بدزێت؟»، سەروەرمان فەرمووی: «سەروەتەکەتی پێمەدە»، (پیاوەکە) ووتی: «ئەی ئەگەر شەڕی دژم کرد؟»، فەرمووی: «تۆیش شەڕ دژی ئەو بکە»، (پیاوەکە) ووتی: «ئەی ئەگەر بمکوژێت؟»، سەروەرمان فەرمووی: «تۆ شەهیدیت»، (پیاوەکە) ووتی: «ئەی ئەگەر من ئەو بکوژم؟»، سەروەرمان فەرمووی: «ئەو لە دۆزەخدایە».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

پیاوێک هات بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، ئەگەر پیاوێک هات و ویستی سەروەتم بدزێت؟ پێغەمبەر فەرمووی: پێویست ناکات خۆت بە دەستەوە بدەیت وسەروەتەکەتی پێبدەیت، پیاوەکە ووتی: ئەی ئەگەر شەڕی دژم کرد؟ فەرمووی: ڕێگەپێدراوە تۆیش شەڕ دژی ئەو بکەیت، پیاوەکە ووتی: ئەی ئەگەر بمکوژێت؟ فەرمووی: تۆ شەهیدیت، پیاوەکە ووتی: ئەی ئەگەر من ئەو بکوژم؟ پێغەمبەر فەرمووی: ئەو شایستەیە لە دۆزەخدا سزا بدرێت لە ڕۆژی قیامەتدا.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3557